Kurdocide Watch CHAK Çawdêrî Kurdosayd

www.kurdocide.com

Kurdocide Watch focuses on genocide and human right matters in Kurdistan

Former Center of Halabja against Anfal and Genocide of the Kurds - CHAK

# له یادی دوو ساڵەی تیرۆرکردنی شەهیدی قەڵەم سۆران مامە حەمەدا

پێرارساڵ و لە ڕۆژێکی ڕەشدا و لە بەرواری 21-7 کاتژمێر 8,30 ی ئێوارە لە گەڕەکی کوردنشینی شۆریجەی شاری کەرکووك,ڕۆژنامەنووسی ڕەخنەگر,قەڵەمی بوێر کاکە سۆرانی مامە حەمە لەبەردەم ماڵەکەی تیرۆر دەکرێت.
لەوساوە بۆ ئێستا هەزاران خاوەند قەڵەم و دەیان پارلەمانتاری بیانی و دەزگا و ناوەندی جیهانی و سەدان پارت و ڕێکخراوی کوردی ئەمکارە تیۆریستیەیان شەرمەزار کردووە, دەسەڵاتیش بەڵێنی دادگایی و ئاشکرا کردنی تاوانبارانی تاوانەکەی دابوو, کەچی مخابن تاکو ئێستا هیچ نەکراوە و دوای دوو سال سە رباری ئاشکرا نە کردن و سزا نە دانی بکە رانی ئە م تاوانە قیزە ونە , تاوانی هاوشێوە ی دووبارە کرایە وە .
پاش دوو ساڵ لە تیرۆرکردنی ئەم هاوڕێ و خۆشەویستەمان " ئەندامی ڕێکخراوەکەمان و دەستەی نووسەرانی وە رزنامە ی نگرە سەلمان" نەك هیچ سەرەداوێکی تاوانەکە ئاشکرا نەکراوە بگرە دە سە لاتداران و بە رپرسانی دۆسییە ی ئە منی تەواو خۆیانی لێ بێدەنگ دەکەن.
ئێمە لە ساڵیادی تاوانی تیرۆرکردنی شەهیدی قەڵەم سۆرانی مامە حە مە , داوا لە ڕایگشتی دەکەین فشاری زیاتر بۆ سەر دەسەڵاتداران بهێنن بۆ ئەوەی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە قێزەونە ئاشکرا بکرێن و دادگایی بکرێن, ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیشیان ئە وە ی بە لینیان دابوو ئاشکرابکرێت ؟.

نەمری بۆ شەهید سۆران شەهیدی قەڵەم و ڕۆژنامەنووس سە ردە شت عوسمان


**چاودێری کوردۆساید**

**Kurdocide Watch**

www.kurdocide.com

kurdocide@hotmail.com

kurdocide@yahoo.com


چاودێری کوردۆساید ڕێکخراوێکی سیڤیلی سوود نەویستی سەربەخۆیە، بە پابەندبوون بە پرەنسیپ و پێوەرە دیموکراتییەکان، کارەکانی خۆی لەسەر پرسەکانی تاوانەکانی ژینۆساید و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و هەموو ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە مافی مرۆڤی کوردستان کراون و

چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.

**دەکرێن بەڕێوە دەبات. ،لە 6-1-2002 دامەزراوە ، لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و هەموو پارچەکانی کوردستان لق و کۆمیتەی هەیە ، ،پێشتر لە ژێر ناوی ناوەندی چاک کاری دەکرد،لە 24-1-2009 ئە م ناوە ی ئیستای وە رکرت ,ساڵانە سەدان چالاکی ئەنجامە دات.**

**چاودێری کوردۆسایدا ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.**